# بەخێربێیت!کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران UN ئارەزومەندارە نیگەرانی و تێبینی و پێشنیارەکانی ئێوە بزانێت.

## بۆیە سەندوقی سکاڵا و تێبینییەکان داندراون تا وەکو بتوانن نامە بۆ ئێمە بەجێ بهێڵن.

ئایا پرسیارت هەیە لەسەر چۆنیەتی پڕکردنەوەی فۆرمەکە یاخود پرۆسەکە؟

داوای یارمەتی لە کارمەندی کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران UN یان هاوبەشەکانی یاخود خۆبەخشان بکە.

















تکایە دەبێت ئەم فۆرمەی لێرە بەردەستە بەکاربێهنن.
ئەگەر دەتەوێت کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران UN پەیوەندی بە تۆ بکات بۆ پێداچوونەوە، ئەوا لە نامەکەت ئاماژە بە ناو و چۆنیەتی پەیوەندی کردن بە تۆ بکە.

**تۆمارکردنی نامە لە ڕێگای سەندوقی سکاڵا و تێبینییەکان بێ بەرامبەرە و بێترسە و نهێنییە**

**ئەگەر دۆخی تۆ هەستیارە یاخود خێرایە تکایە ئاگادار بە سەندوقەکانی سکاڵای نێو خێوەتگا ڕۆژانە ناکرێنەوە**

بۆ بابەتی هەستیار و خێرا: پەیوەندی بکە بە هێڵی گەرمی بێ بەرامبەری سەنتەری زانیاری عیراق (IIC) لە ڕێگای ژمارە ٨٠٠٦٩٩٩٩ کە بەردەستە لە کاتژمێر٨ بەیانی تاکو ٦ ی ئێوارە (لە ڕۆژانی یەکشەممە تاکو پێنجشەممە) هەروەها لە کاتژمێر ٩ی بەیانی تاکو ٣ی نیوەڕۆ (بۆ ڕۆژانی هەینی و شەممە).
هەروەها دەتوانیت داوا بکەیت پەیوەندیت پێوە بکرێت لە ڕێگای ناردنی ووشەی " یارمەتی " و ژمارەی تەلەفۆنی تۆ بە کورتە نامەیەک بۆ (٨٠٠٦٩٩٩٩) یاخود دەتوانیت نامە بنێریت بۆ ماسنجەری فەیسبووکی لاپەڕەی (IICInfo@) دوای ئەوە کارمەندی سەنتەری زانیاری عیراق پەیوەندیت پێوە دەکات. تکایە هیچ زانیارێکی کەسی لە سەر بارودۆخەکەت ( حاڵەتەکەت) لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە مەنێرە.
ئەگەر هەر داواکاریەکی سێکسیت لێکرا لەلایەن کارمەندانی ڕێکخراوە مرۆییەکان یاخود ڕێکخراوەکانی پەرەپێدان لە بەرامبەر پێدانی خزمەتگوزاری و یارمەتی، تکایە دەستبەجێ ڕاپۆرت بنێرە بۆ Iraq-psea@un.org یاخود پەیوەندی بکە بە سەنتەری زانیاری عیراق (IIC) . هەموو سکاڵاکان بەو پەڕی هەستیاری و پارێزراوی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

FAO · International Labour Organization · IOM UN MIGRATION · NCCI NGO Coordination Committee for Iraq · OCHA · UNAMI · UNDP · unesco · UNFPA · UN-HABITAT · UNHCR · UNITED NATIONS HUMAN RIGHTS · unicef · UNMAS · UNODC · UNOPS · UN WOMEN · WFP World Food Programme · World Health Organization